# کۆڕەو وەک ریفڕاندۆمێکی میللی بۆ داوای سەربەخۆیی



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گولان دەنووسێت
asidiq1962@yahoo.com



کۆڕەوە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ وێڕای هەموو نەهامەتی و کارەساتەکانی، لەهەمان کاتدا جووڵەیەکی بەکۆمەڵی گشتی و سەرتاسەریی نەتەوەیەك بوو کە زۆر مانا و ئاماژەی گەورەی تێدا بوو، لەوانە:

یەکەم: کۆڕەو خۆی لەخۆیدا ڕەتکردنەوەی زوڵم و ستەم بوو لەلایەن گەلێکەوە کە ئامادە نەبوو لە ژێر دەستی ڕژێمێکی کۆکوژدا درێژە بە ژیان بدات.

دووەم: لە کۆڕەودا، لەنێوان دووانەی نان و ئازادیدا، گەلی کوردستان ئازادی هەڵبژاردو، چوونەدەرەوەیشی خۆدەربازکردن بوو لە کۆت و بەندی دەسەڵاتێکی دژ بە ئازادی.

سێیەم: کۆڕەو ریفراندۆمێکی سەرتاسەری و میللی بوو کە تیایدا گەلی کوردستان بە شێوازێکی نوێ واقیعێکی دەیان ساڵەی سەپێندراوی ڕەتکردەوە، لەهەمان کاتیشدا داوایەکی خۆڕسکانەش بوو بۆ دیارکردنی مافی چارەنووسی خۆی.

بۆیە لە ٥ی نیسانی ساڵی ١٩٩١ دا ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری ژمارە ٦٨٨ی دەرچواند، کە تیایدا چەمکی دەستتێوەردانی مرۆیی هێنایەئاراوە.

ئەم بڕیارە لەکاتی خۆیدا مشتومڕێکی زۆری نایەوە لەسەر ئاستی جیهان، بەتایبەت لەلایەن ئەو دەوڵەتانەی کە لەلایەن ڕژێمی دیکتاتۆرییەوە بەڕێوە دەبران، هەر بۆیە وڵاتانێکی ئەندام لەئەنجومەنی ئاسایش لەدژی ئەم بڕیارە دەنگیان دا، وەك (یەمەن و کوبا و زیمبابۆی).

گرنگیی ئەم بڕیارە لەزۆر خاڵدا بوو، لەوانە:

یەکەم: بۆ کوردستان

١- ئەم بڕیارە بووە هۆی دیاریکردنی ناوچەی ئارام لەسەرووی هێڵی ٣٦ بۆ هەرێمی کوردستان و پاراستنی گەلەکەی لە ڕژێمی سەدام.

٢- ئەم بڕیارە بوو بە هۆکارێکی یاریدەدەر بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٩٢ بۆ پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و زۆربەی دەستکەوتەکانی دواتریش.

دووەم: بۆ عێراق

١- ئەم بڕیارە بووە هۆی دەرچوواندنی بڕیاری کۆنگریسی ئەمریکا لەساڵی ١٩٩٦ لەژێر ناوی (ڕزگارکردنی عێراق)

٢- بڕیارەکە بووە هۆی یارمەتیدانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام.

سێیەم: لەسەر ئاستی جیهان

١- بنەمای دەستتێوەردانی مرۆیی پەسەند کرا لەکاروباری نێوخۆیی وڵاتانێکی خاوەن سیستمی ستەمکار.



٢- لەحوزەیرانی ١٩٩١ ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی واژۆکرا بۆ پێدانی مافی دستێوەردانی مرۆیی بۆ ڕاگرتنی ئەو ستەمکارییانەی دژ بە مافەکانی مرۆڤ و یاسا نێودەوڵەتییەکان دەکرێت لەهەر وڵاتێکدا.

٣- لەکانوونی یەکەمی ١٩٩١ نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارێکی پەسەند کرد کە ڕێگەی دەدا بە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی هەر دەوڵەتێك بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەچوارچێوەی پرۆسەی ئاشتیی ناوچەیی و جیهانی لەسەر داوای هەر دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری.

بۆیە لەهزری ئێمەدا کۆڕەو و بڕیاری ٦٨٨ تائێستاش پێکەوە دێنەباسکردن چونکە کۆڕەو هۆکاری دەرچوواندنی ئەم بڕیارە گرنگە بوو.

لێرەدا گرنگە تیشك بخەینە سەر ئەو هەنگاوانەی کەپێویستن لەئێستاداو، بەئیلهام وەرگرتن لە کۆڕەوەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ بگیرێنەبەر، لەوانەش:

یەکەم: ئاگادارکردنەوەی بەردەوامیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەو ڕاستییەی کە بەزۆر پێکەوەلکاندنی گەلان پرۆسەیەکی کارەساتهێنەو گەلانی ئازادیخواز دەکاتە قوربانیی دەستی ستەمکاران.

دووەم: زیندووکردنەوەی کێشەی لەمێژینەی گەلەکەمان و بەدەمەوەهاتنی زلهێزان بەلای دۆزی کوردەوە وەك دۆزێکی سیاسی و ڕەوای گەلێك کە شایانی مافێکی باشتری سیاسی بێت، لەوەی ئێستای.

سێیەم: دابینکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان و پێدانی هەلی ئەنجامدانی ریفراندۆم.

چوارەم: مافی هەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ گەلی کوردستان، ئەو گەلەی کە بەکردەوە ئاشتی و پێکەوەژیانی سیاسی و ئایینی وەك جوانترین نموونە لەم ناوچەیەدا بەرجەستە کردووە.

پێنجەم: لەبەرچاوگرتنی قەبارەی ئەو قوربانییانەی کە گەلی کوردستان پێشکەشی کردووە لەشەڕی دژ بە ڕێکخراوی تیرۆریستیی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش.

شەشەم: زەمینەسازکردن بۆ گفتوگۆی سیاسییانەی هێمن لەنێوان عێراق و هەرێمی کوردستاندا بۆ پێدانی مافی ریفراندۆم و سەرپشککردنی گەلی کوردستان لەدیارکردنی چارەنووسی خۆی.

# ئاییندەی سوننە لە دوای داعش



د.عەرەفات کەرەم ستونی*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

سوننە لەنێوخۆیاندا لەهەموو خەڵکێك زیاتر پەرتەوازەو ناتەبان، کەسیان دان بەوی دیکەدا نانێت، هیچ مەرجەعییەتێکی ئایینی و سیاسییان نییە، چونکە مەرجەعییەتی ئایینی لە مەزهەبی سوننەدا نییە، ئەوە تایبەتە بە شیعە، بۆیە ناکرێ مەرجەعییەتێکی ئایینی سوننی دابمەزرێت، بەڵام بۆ مەرجەعییەتی سیاسی، ئەوەیان زۆر زەحمەتە، چونکە ئەمەیان نابێت، لەکاتێکدا ئەوان پەرتەوازەن و وەلاو مەرجەعییەتی جیاوازیان هەیە، هەر لەبەر ئەم هۆیانەیە سوننە لە رووی سیاسی و ئابووری و نێودەوڵەتیشەوە زەرەرمەندبوون، بۆیە دەبینین لە کاری سیاسیشدا جیاوازن، هەندێکیان خەون بە گەڕانەوەی بەعس دەبینن، لەبەر ئەوەیە چوونەتە نێو سوپای نەقشبەندییەوە بە سەرۆکایەتی عیزەت دوری، کە ئەوانە لەسەر رێبازی سۆفیگەرین، هەندێکیشیان چوونەتە نێو کەتائبی سەورەی عشرین کە ئایین لایان نییە، بەڵکو لە قەومچییەکانی عەرەبن، هەندێکی دیکەشیان چوونە نێو قاعیدەوە لەسەردەمی مالیکی بۆ رووبەڕووبوونەوەی سوپای عێراقی کە بە سوپای سەفەوی ناویان دەبرد، هەندێك لەو سوننانەش لە دەرەوە دەژین و دەیانەوێت بەرەیەکی ئۆپۆزسیۆن پێکبهێنن دژی هاتنەناوەوەی ئێران و حکومەتەکان، لەوانە دەستەی زانایانی موسڵمان بە سەرۆکایەتی موسەننا حارس ئەلزاڕی، هەروەها پڕۆژەی عەرەبیی خەمیس خەنجەر، بەشێکیش هاتنە نێو پرۆسەی سیاسییەوە، ئەوانیش پەرش و بڵاون و دژایەتیی یەکدی دەکەن، هەندێکیان بەدڵ و بەگیان لەگەڵ هاوپەیمانیی نیشتمانیی شیعەن، ئەوانە سوننەی مالیکی و حزبی ئیسلامیی ئیخوانین، هەندێك لەوانە لە لیستی سەربەخۆی بێ دەسەڵاتن، بەدوای بەرژەوەندیی کەسیی و حزبیدا دەگەڕێن وەك کوتلەی عەرەبیی دکتۆر ساڵح موتڵەگ، بەڵام لیستی عێراقییە کە سوننەو شیعە کۆدەکاتەوە ئەوانەش یەکترگرنین، رەنگە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا هەرەس بهێنن، بۆیە بەدوای شەریك یان هاوپەیمانێکی دیکەی سوننەدا دەگەڕێن، هەندێ لە سەرانی سوننە هەوڵدەدەن حزبی تازە بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو دروست بکەن، وەك دکتۆر ئەحمەد مساری سەرۆکی (کوتلەی ئیتیحادی قیوا) کاتێ حزبێکی تازەی بەنێوی (ئەلحەق ئەلوەتەنی) دامەزراند، دواتر سەلیم جبوری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق حزبی (ئەلوەتەن)ی دروستکرد، دیارە ئەو لێکدابڕان و پێکهێنانی حزبە تازانە لەپێناو پڕۆژەیەکی نیشتمانی یان تایفی نییە کە خزمەتیان بکات، بەڵکو هەموویان بۆ دەستکەوتی کەسیی و تەسکی حزبین، بەڵام بەهێزترین لیست لە ناوەندی سوننە بریتییە لە لیستی (موتەحیدون) بە سەرۆکایەتیی ئوسامە نجێفیی موسڵاوی، ئەوەیان تاکە لیستە کە بوێرانە بەڕووی هاوپەیمانیی نیشتمانیی و پڕۆژەی ئێران دەوەستێتەوە، یەکەم لیست بوو بە توندی دژی یاسای حەشدی شەعبی وەستایەوەو پڕۆژەی یەکلاییکردنەوەی چارەسەری مێژوویی عەمار حەکیمی سەرۆکی هاوپەیمانیی نیشتمانی رەتکردەوە، بەڵام کێشەی زۆربەی حزبە سوننییەکان کە لە پرۆسەی سیاسیدا بەشداران ئەوەیە کە لە سەفقەی بازرگانی لەمیانی کڕین و فرۆشتنی وەزارەتەکان لە عێراقدا تێوەگلاون، چەندین وەزارەت بە ملیۆنان دۆلار کڕین و فرۆشتنیان پێکرا، بەم شێوەیە زۆربەی وەزارەتەکانی عێراق بەڕێوەدەچن،

ئەوەی دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە کە گەندەڵی و سەقفەی گوماناوی لەمیانی کڕین و فرۆشتنی پۆستەکان بۆتە ئیتیکێ ئاشکرا، ئەو دۆخە گرنگترین هۆکارە بۆ ئەوەی کە زۆربەی حزبەکانی سوننە لەنێو پرۆسەی سیاسیدا هەر بەردەوام بن، چونکە سوودی زۆریان بینیوە، ئەوان هەر چەندە برواشیان بەو حکومەتە نەبێت، بەڵام وای دەبینن کە بەشدارییان لە پرۆسەی سیاسی دەرفەتێکە و دووبارە نابێتەوە.

مالیکی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکای لە ساڵی ٢٠١١ قۆستەوە تاکو کۆنترۆڵی هەموو شتێك بکات و ئەوەی دژی سیاسەتە تایفەگەرییەکەیەتی لای بدات، بۆیە لەسەردەمی ئەو، سوننە پەرتەوازە بوون، بەتایبەتیش لە ٢٠١٢ کاتێ نارەزایی و خۆپیشاندانی دژوار لە ئەنبار سەری هەڵدا، لەوەدا دروشمگەلێکی زۆر دژ بە حکومەت و مالیکی هاتنەئاراوە، ئەمە ماوەی ساڵێکی خایاند بە سەرۆکایەتیی رافع عیساوی سەرکردەیەکی بەهێزو ناوداری سوننە، بەڵام جارێکی دیکە سوننە پەرتەوازەو ناکۆك بوونەوە لەسەر هەندێ شتی بێ مانا و رێکنەکەوتن لەسەر پلانی ستراتیژی، مالیکی هەوڵی ئەوەشی دا ناکۆکیی نێوان کورد بقۆزێتەوە، دواتر زاراوەیەکی تازە لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراق هاتە ئاراوە بەناوی (کوردانی مالیکی)، چونکە دەیەوێت بە هەر شێوەیەك بێت بگەڕێتەوە نێو پرۆسەی سیاسی، بێگومان گەڕانەوەی ئەو مانای کۆتایی عێراقێکی یەکگرتووە، رەنگە شەڕێکی ناوخۆی شیعە بە شیعە لە باشووری عێراق بە چاوی خۆمان ببینین، کاتێکیش مالیکی سەردانی ئەمریکای کردبوو، سەرۆك ئۆباما بە ئاشکرا پێی گوتبوو: پێوەندیی نێوان خۆت و شەریکەکانت چاك بکە، مالیکی وەڵامی دابووەوە: دەمەوێ لە کێشەی سووریاو ئێران یارمەتیتان بدەم، دیسانەوە ئۆباما وەڵامی دابۆوە: نێوان خۆت و شەریکەکانت چاك بکە، کاتێکیش مالیکی گەڕایەوە تەنیا بە تێکدانی پێوەندیی نێوان سوننەو شیعە نەوەستا، بەڵکو پێوەندیی نێوان شیعەو کوردیشی تێکدا، کاتێ بودجەی بڕی، هەوڵیشی دا فرۆکەی F16 بەدەست بێنێت، بە راوبۆچوونی شارەزایانی ئەمریکا مالیکی بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای خستە مەترسییەوەو لێدوانەکانی ئەم دواییەی مالیکیش لە تاران ئەمە دوویات دەکاتەوە.

نابێ بە چاوێکی سووك لە هێزەکانی سوننە بڕوانین کە شارەزاییان هەیە لە بوارەکانی سیاسەت و شەڕو دیپلۆماسییەت و بەڕێوەبردن لەبەر ئەوەی شارەزاییەکی بەرچاویان هەبووە لە حکومەتەکانی پێشوودا، ئەگەر چینە سیاسییەکانی شیعە لە عێراق بەچاکیی مامەڵەیان لەگەڵ دۆسێی سوننەدا بکردایە دۆخی سیاسیی بەم قۆناغە ناسکە نەدەگەیشت، یەکەم شت سیاسەتوانانی شیعە گرتیانەبەر تۆڵەسەندنەوە بوو لە سوننە، هەروەها دەرکردنی یاسای ریشەکێشکردنی بەعس، یاسای لێپرسینەوەو دادپەروەری، هەڵوەشاندنەوەی سوپای عێراق بوو، لە کۆتاییدا بینیمان کە ئەم یاسایانە لەپێناو تۆڵەسەندنەوە لە سوننە دەرچوون، دیارترین نموونەش هەڵوەشاندنەوەی سوپای عێراق بوو، ئەگەر ئەم سوپایە پێشتر لەلایەن سوننەوە بەسیاسیکرابوو، ئەوا لەئێستادا لەلایەن شیعەوە بەئایدیۆلۆژییەتکراوە، بۆیە بەئایدیۆلۆژییەتکردنی سوپا لە بەسیاسەتکردنی مەترسیدارترە، بۆیە بەو بەئایدیۆلۆژییەتکردنە ئاینییە دەبینین کە میلیشیا شیعییەکان درووشمی تایفی بەرزدەکەنەوە.

من لەو باوەڕەدام کە سوننە دوای داعش ڕووبەڕووی تەحەدیگەلی دیکە دەبنەوە، لەوانە ناوخۆیی، بۆشاییەکی زۆر هەیە لەنێوان چینی سیاسەتکار و جەماوەری سوننە، بۆیە پێموایە جەماوەری سوننە زۆر تووڕەیە لە سەرکردەکانی کە تائێستا هیچیان بۆیان نەکردووە، رەنگە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بە تەواوی ئەو دەم و چاوانە بگۆڕین، بەتایبەتیش سەلیم جبوری و مەشهەدانی و ئەحمەد مساری و کەربولی و موتڵەگ و ئوسامە نجێفی، مەگەر ئەو دەم و چاوانە بە شێوەیەکی دیکە دەم و چاویان بگۆڕن.

رەنگە تەحەددای مەترسیدار ئەوە بێ، چۆن مامەڵە لەگەڵ حەشدی شەعبیدا بکرێت کە بە زۆرداری لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە بەیاساکران بەتایبەتیش لە ناوچە شیعەنشینەکانی موسڵ وەك شاری تەلەعفەر، تەحەددای دیکەش بریتییە لە کێشەی سنوور لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بۆیە پێموایە کە هەندێ سەرانی سوننە بەتایبەتیش نەیارانی هاوپەیمانیی نیشتمانی کار بۆ دامەزراندنی هەرێم دەکەن، دەستووری عێراقیش لە ماددەی ١١٩ پشتگیریی لەمە دەکات کە دەڵێت: ((هەر پارێزگایەك یان زیاتر، مافی پێکهێنانی هەرێمێکیان هەیە بە داواکارییەك کە راپرسی لەسەربکرێت، کە بە دوو رێگە پێشکەشدەکرێت، یەکەم: داواکاریی دوو لەسەر سێی ئەندامان لە هەر ئەنجومەنێك لە ئەنجومەنی پارێزگاکان، کە دەیەوێت

**ئەگەر چینە سیاسییەکانی شیعە لە عێراق بەچاکی مامەڵەیان لەگەڵ دۆسێی سوننەدا بکردایە، دۆخی سیاسیی بەم قۆناغە ناسکە نەدەگەیشت، یەکەم شت سیاسەتوانانی شیعە گرتیانەبەر تۆڵەسەندنەوە بوو لە سوننە**

**مالیکی دەیەوێت بە هەر شێوەیەک بێت بگەڕێتەوە نێو پرۆسەی سیاسی، بێگومان گەڕانەوەی ئەو مانای کۆتایی عێراقێکی یەکگرتووە، رەنگە شەڕێکی ناوخۆی شیعە بە شیعە لە باشووری عێراق بە چاوی خۆمان ببینین**

هەرێم پێکبهێنێت، دووەم: داواکاریی یەك لەسەردەی دەنگدەر لە هەر پارێزگایەك لەو پارێزگایانەی کە دەیانەوێت هەرێم پێکبهێنێت.)) لەگەڵ ئەمەشدا مالیکی هەموو پڕۆژە هەڵواسراوەکانی لەگەڵ هەرێمەکان ڕەتکردەوە، بەتایبەتیش پڕۆژەی هەرێمی بەسرە، ئەو دەیویست کوردستان بەزۆر بگەڕێنێتەوە ژێر هەژموونی ناوەند، بەڵام شکستی هێنا، بۆیە تا ماوە ئەو رق و کینە رەشەی بەرامبەر کوردستان بە سەرکردەکان و گەلەوە هەر دەمێنێت، بەتایبەتیش لەهەمبەر پارتی دیموکراتی کوردستان.

ناکرێ عێراق بگەڕێتەوە قۆناغی پێش داعش، هەموو لایەکیش ئەمە دەزانێت، بۆیە یاسای حەشدی شەعبی لەلایەن هاوپەیمانیی نیشتمانی دەرچوو، هەروەها پڕۆژەی پێکهێنانی هەرێمەکان لەلایەن هەندێ حزبی سوننە پێشکەشکرا، هاوکات سنوور لەلایەن کوردەوە کێشرا، چونکە ئەستەمە پێشمەرگە لەو ناوچانە بکشێتەوە کە بە خوێن ئازادی کردوون، ئەو ناوچانە کوردستانین بەپێی مێژوو و واقیع، ماددەی ١٤٠ی دەستووریش بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سنوور دانراوە، بەڵام هاوپەیمانیی نیشتمانی و بەتایبەتیش هەندێ لەنێو حزبی دەعوە ئەم ماددەیەیان پەکخست، تەنانەت شانازی بە پەکخستنییەوە دەکەن، ئەمەش پێشێلکردنی دەستوورە، هەر ئەوەش بوو وایکرد کە پێشمەرگە ماددەکە بە باشیی جێبەجێ بکات دوای ئەوەی لە حکومەتی بەغدا نائومێد بوون، ئەم ماددەیە ماوەیەکە پەکخراوە، ئایا ماقووڵە بۆ ئەو ماوە درێژە هەر بە پەکخراویی بمێنێتەوە؟ هەروەها قووتی گەلی کوردستان ببڕن و مووچەی فەرمانبەران خەرج نەکەن و چەك و تەقەمەنی لە پێشمەرگە قەدەغە بکەن کە لە دەرەوە دێت؟

عێراق بە سرووشتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆیەوە روو لە گۆڕانکاریی جەوهەرییە، بەڵام هەموو چاوەڕوانی قۆناغی دوای داعشە، سوننە دەکەونە نێو ململانێیەکی توندی سیاسییەوە، ئەم ململانێیە لە بەرژەوەندیی میحوەری دژ بە حکومەت تەواودەبێت، قاعیدەش بە سەرۆکایەتیی ئەیمەن زەواهیری جێپێی خۆی لە عێراق دەکاتەوە بۆ قۆستنەوەی تاقمەکەی داعش و قاعیدە و ئەوانەی کە بە پڕۆژەی ئوسوڵی و تۆتالیتاریی قاعیدە قایل دەبن، ئەم گرووپانە توانیان لەساڵی ٢٠١٤ خۆیان بە ناوی ئەنجومەنی گشتیی شۆڕشگێڕانی عەشەیرەتە عێراقییەکان رێکبخەنەوە، مەبەست عەشیرەتەکانی سوننەیە لە ئەنبارو موسڵ و فەلوجەو کەرکوك و دیالەو بەغدا، ئەمەش دەرفەتێکی باشە بۆ هەموو سوننەیەك کە دژایەتیی حکومەت دەکات تا بێتە نێو ئەو پڕۆژە سیاسییە، بەڵام ئەو یەکگرتنەی نێوان لایەنە سوننییەکان مەحاڵە، چونکە هەندێ ئاستەنگی ئایینی و ئایینزایی فیکریی و عەشائیری و کۆمەڵایەتی لەئارادایە، هەندێکیان ئیداری و سیاسی و کەسێتیی وحزبین، پرسیارەکە ئەوەیە لەو سوننانە کێ گوێڕایەڵی ئەوی دیکە دەبێت یان کێ سەرکردایەتییان دەکات؟ رەنگە ئەمە کێشەیەکی سایکۆلۆژی بێت، چونکە هیچ مەرجەعییەتێکی ئایینی یان سیاسیی سوننە نییە کە حوکم بکات و کێشەکە یەکلایی بکاتەوە، بۆیە مەرجەعییەکانی سوننە زۆرن و هەندێ جاریش چەند دەوڵەتێك کاریگەریی لە کێشەکەدا دەبێت، ئەمەش بەندە بە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی خودی ئەو دەوڵەتانەوە.

ئەوەی پەیوەستە بە ئەمریکاوە بەرپرسیارێتییەکی گەورەی دەکەوێتە ئەستۆ، چونکە هەر ئەو بوو کە رژێمی سەدامی رووخاندو عێراقی لەو پاشاگەردانی و ئاژاوەیە جێهێشت دوای ئەوەی بە خێرایی کشایەوە، هاوکات لەهەمبەر کێشەی پەراوێزخستنی سوننە لەلایەن شیعەوە بێ دەنگ بوو، هەر ئەویش بوو نەیهێشت کورد سەربەخۆ بێت، ئەو ئیدارەیە بەرپرسە لەو دۆخەی عێراق پێی گەیشتووە، ئەمە لەسەردەمی مالیکیدا روویدا، بە ئاگاداری ئۆباما کە شکستخواردووترین سەرۆك بوو لە مێژووی ئەمریکادا، رەنگە تروسکاییەك ئومێد لە ئیدارەی تازەی سەرۆکی هەڵبژێردراو دۆناڵد ترەمپ ببینین، من پێموایە کە لە ئیدارەی تازەدا گۆڕانکاریی لە دوو شتدا دەکرێت، کێشەی سوننەو کێشەی کورد، چونکە ئەو دوو پێکهاتە سەرەکییەن کە زۆر زیانیان لێکەوتووە لە سایەی سیاسەتی دوژمنکارانەی بەغدادا.

ئەوەی پەیوەستیشە بە سوننە، ئەوان دوای داعش زۆر بەهێز دێن، چونکە داعش بەهێز کۆنترۆڵی ناوچەی سوننەیان کرد، هەروەك پێشتریش قاعیدە کردی، ئەو هاتنەیان رەنگە لە یەکگرتنی لایەنە چەکدارە سوننەکاندا بێت، بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزە سوننییە نەیارەکانی هاوپەیمانیی نیشتمانیی شیعە، تەنانەت ئەمریکاو دەوڵەتانی کەنداو بەتایبەتیش سعودیە و تورکیا هەوڵدەدەن ئەم ئامانجە بەزۆر بێننەدی، چونکە ئەو دەوڵەتانە نایەنەوێت دەسەڵاتی شیعە لەوە زیاتر پەلبکێشێت، تاکو نەبێتە هەڕەشەیەکی جیددی

**سوننە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتە کە دوای بەسەرچوونی کات تازە هەرێم پێکبهێنن، ئەگەر ئەوان وەک ئەزموونی کوردستان هەرێمیان پێکبهێنایە، حاڵیان بەم ئاستە نەدەگەیشت، کە بەو شێوەیە پەراوێزخراون، هەندێک لەوان دەیانگوت کە فیدراڵییەت حەرامە، چونکە دابەشکردنی عێراقە**

**سوننە دوای داعش رووبەڕووی تەحەدیگەلی دیکە دەبنەوە، لەوانە ناوخۆیی، بۆشاییەکی زۆر هەیە لەنێوان چینی سیاسەتکار و جەماوەری سوننە، بۆیە پێموایە جەماوەری سوننە زۆر تووڕەیە لە سەرکردەکانی کە تائێستا هیچیان بۆیان نەکردووە، رەنگە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بە تەواوی ئەو دەم و چاوانە بگۆڕێن**

بۆ سنوورەکانی سوننە، ئەم یەکگرتنە رەنگە لە چوارچێوەی پێکهێنانی هەرێمی چەند هەرێمێکی سوننە بێت لە پارێزگاکانی رۆژئاوا، وەك دەشتی نەینەواو تەلەعفەرو شنگال.

ئەوەی مایەی سەرسامییە ئەوەیە کە سوننە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتە کە دوای بەسەرچوونی کات تازە هەرێم پێکبهێنن، ئەگەر ئەوان وەك ئەزموونی کوردستان هەرێمیان پێکبهێنایە حاڵیان بەم ئاستە نەدەگەیشت، کە بەو شێوەیە پەراوێزخراون، هەندێك لەوان دەیانگوت کە فیدراڵییەت حەرامە، چونکە دابەشکردنی عێراقە، وەك ئەو فەتوا هەڵەیەی کە شێخ عەبدولمەلیك سەعدیی سوننەمەزهەب دەریکرد، من لە وتارێکی تایبەتیش وەڵامم دایەوە، بەڵکو سەلیم جبوری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق لە دانیشتنێکی تایبەتدا لەگەڵ پەرلەمانتارانی کورد پێی گوتین: دەترساین باسی فیدراڵییەت بکەین، یەکێك لە سەرکردەکانی سوننە عەدنان دلێمی سەرسەختترین دوژمنی فیدراڵییەت بوو، ئەو پیاوە داماوە نەیدەزانی کە فیدراڵییەت وشەیەکی بیانییە بە واتای یەکێتی، هەروەها لەو کۆنگرەی دوایی دیالۆگی بەغدا کە بە چاودێریی دکتۆر هومام حەممودی جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بەڕێوەچوو، سەلیم جبوری لە وتەکەیدا گوتی: ((سیستەمی هەرێمەکان باشترین شێوازە بۆ پاراستنی یەکێتیی وڵات لە دابەشبوون))، لەراستیدا ئەوانە بەو دوژمنایەتییەیان بە ئاشکرا دژ بە فیدراڵییەت و پێکهێنانی هەرێمەکان زیانێکی زۆریان بە پێکهاتەکەی خۆیان گەیاند، هەر ئەوان هۆکاری دواکەوتنی ناوچەکانیان بوون لە هەموو روویەکەوە، ئەمەش وایکرد کە پارێزگاکانیان دەسەڵاتی تەواویان نەبێت، بەڵکو دەبێ بگەڕێنەوە بۆ حکومەتی ناوەند، ئەو پارێزگایانە هەر دەبێ بە دەست دواکەوتوویی و هەژاری و بێکاری و پەراوێزخستنەوە بناڵێنن ئەگەر بێتو سەرکردەکانیان پێکهێنانی هەرێم رانەگەیەنن کە دەسەڵاتی فراوانیان دەبێت، هەروەها سەرکردەکانیان واز لە دروشمی بێ ماناو ساختە نەهێنن، وەك دابەشبوونی عێراق بەتایبەتیش دوای قۆناخی داعش، چونکە فیدراڵییەت مانای دابەشبوونی وڵات نییە، بەڵکو یەکێتییە، هەروەك ئەڵمانیاو نەمساو بەلجیکاو سویسراو ئوستралیاو کەندا و ئەمریکا و مالیزیاو هیندستان و پاکستان و رووسیاو ئەرجەنتین و بەرازیل و مەکسیك و نایجیریاو سودان و باشووری سودان و ئەسیوبیاو ئیماراتی عەرەبی.

دواتر سەرانی سوننە دەرکیان بەوە کرد کە پێویستە هەرێمێکی سوننە دابمەزرێت، بۆیە دیارترینیان وەك ساڵح موتڵەگ و ئوسامە نجێفی و زافر عانی و خەمیس خەنجەرو ئەیاد سامەرائی و رافع عیساوی و کەسایەتیی دیکە لە کۆنگرەی ژنێف بەشدارییان کرد کە لە نێوان ١٦-٢٠١٧/٢/١٧ بەسترا و پەیمانگەی ئەورووپی بۆ ئاشتی لە برۆکسل بەڕێوەی برد، هەروەها ئەنجومەنی ئەتڵەنتی لە واشنتون بەشداریی تێدا کرد، مەبەستیش قسەکردن بوو لەسەر قۆناغی دوای داعش لە پارێزگا سوننەنشینەکانی رۆژئاوا و چۆنێتیی دامەزراندنی هەرێمی سوننە، هەندێ کەسایەتیی دیکەی سوننەش داوای لێبووردنیان کرد کە ئامادەبن لەترسی تووڕەیی هاوپەیمانیی نیشتمانیی شیعە، کە ناڕەزایی بەرامبەر ئەم کۆنگرەیە دەربڕی، چونکە پێی وا بوو پڕۆژەیەکە بۆ دابەشکردنی عێراق.

ئەوەی پەیوەستە بە کوردەوە، ئێمە قۆناخی فیدراڵیمان تێپەڕاندووە، بڕیاری فیدراڵیش راست و لەجێی خۆیدا بوو، ئەگەر ئەو بڕیارەمان نەدابایە دۆخی کوردستان هاوشێوەی دۆخی سوننە دەبوو، ئێمە ئێستا لەبەردەم دوو بژاردەداین، یان کۆنفیدراڵی یان سەربەخۆیی، بێگومان زۆرینەی گەلی کوردستان لەگەڵ سەربەخۆییدایە، پێموانییە کە هیچ دەوڵەتێك لاری هەبێت لە پڕۆژەی سەربەخۆیی کورد، چونکە ئەو سەربەخۆییە بڕیاری گەلە، مایەی هەڕەشە نییە بۆ هیچ دەوڵەتێك، ئەزموونی کارگێڕیشمان لە رابردوودا و لەمیانی زیاتر لە دوو دەیەدا ئەم راستییە دەسەلمێنێت، تەنانەت سەربەخۆیی کوردستان ناوچەیەکی سەقامگیر بۆ پێکەوەژیانی نێوان دەوڵەتانی دراوسێ دێنێتە ئاراوە، هەروەها دەبێتە پشتیوانی بۆ ئابوورییەکی بەهێز بە بەکارهێنانی سامانی سرووشتین هاوکات هێزێکی سەربازیی پشتیوان بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرو بڵاوکردنەوەی ئاشتی و ئاسایش، لە هەمان کاتدا دەبێتە مایەی هێنانەکایەی سامانێکی باڵای کەلتوور لە رێی فرەیی کەلتوورو ئایین و نەتەوە، لە هەمووی گرنگتریش ئەوەیە کە کوردستان نابێتە گۆڕەپانی ململانێی ئیقلیمی، هەروەها نابێتە لایەن لە هەر ململانێیەك یان پێکدادانێك، هەروەك بۆ چەندین جار رێزدار مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەم راستییەی دووپاتکردۆتەوە.

---

*** سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

**کورد لەبەردەم دوو بژاردەدایە، یان کۆنفیدراڵی، یان سەربەخۆیی، زۆرینەی گەلی کوردستان لەگەڵ سەربەخۆییدایە، پێموانییە هیچ دەوڵەتێک لاری هەبێت لە پڕۆژەی سەربەخۆیی کورد، چونکە ئەو سەربەخۆییە بڕیاری گەلەو بۆ هیچ دەوڵەتێکیش مایەی هەڕەشە نییە**

**ئەوەی پەیوەستە بە ئەمریکاوە بەرپرسیارێتییەکی گەورەی دەکەوێتە ئەستۆ چونکە هەر ئەو بوو کە رژێمی سەدامی رووخاندو عێراقی لەو پاشاگەردانی و ئاژاوەیە جێهێشت دوای ئەوەی بە خێرایی کشایەوە، هاوکات لەهەمبەر کێشەی پەراوێزخستنی سوننە لەلایەن شیعەوە بێدەنگ بوو، هەر ئەویش بوو نەیهێشت کورد سەربەخۆ بێت**

# کێڵگە هاوبەشەکانی نەوتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئێران



دکتۆر بێوار خنسی*

تایبەت بۆ گوڵان ئامادەی کردووە

لەئێستادا عێراق (٢٤)کێڵگەی هاوبەشی نەوت و غازی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێیدا هەیە، لەوانە (١٥) کێڵگەی بەرهەمهێنی نەوت و غاز و (٩) کێڵگەی وەبەرهەم نەهێنراو، (١٢) لەو کێڵگانەی عێراق لەگەڵ ئێراندا هاوبەشن، لەوانەش (٢) کێڵگەی هاوبەشی نەوت لەگەڵ ئێران دەکەونە سەر سنووری هەرێمی کوردستان، کە بریتین لە (کێڵگەی نەفتخانە لە خانەقین و بەرامبەرەکەی کێڵگەی نەوتی شەهر- یان نەوت شا لە ئێران)، هەروەها کێڵگەی (بەدرە) لە شارەدێی زرباتیەی سەر بە شارۆچکەی بەدرەی پارێزگای واسیت و بەرامبەرەکەشی کێڵگەی (ئازەر)ە لە پارێزگای ئیلامی ئێران، دوو لەسەر سێی ئەو کێڵگە هاوبەشەی نەوت لە عێراق دەکەوێتە هەرێمی کوردستان و بە کێڵگەی (بەدرە) ناسراوەو یەك لەسەر سێیەکەی دیکەش لەو کێڵگە هاوبەشەی لە ئێرانە کە بە کێڵگەی (ئازەر) دەناسرێت.

جێی باسە هەر یەك لە شارەدێی جەسان و زرباتیە بە ناوچە کوردییەکان (کوردییە فەیلییەکان)ی سەر بە قەزای بەدرەی پارێزگای واسیت دەژمێردرێن، ئەم ناوچە کوردییە دوابەدوای ساڵی ١٩٧٥و لە سەردەمی شەڕی عێراق- ئێراندا رووبەڕووی هەڵمەتی تەعریب و راگواستنی زۆرەملێ بۆتەوە، لەئێستاشدا بە ناوچە کێشەلەسەرەکان دادەنرێت بەپێی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق. لە ماددەیەکی یاسای نەوتی هەرێمی کوردستاندا ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧دا هاتووە: ( ئەنجامنەدانی هیچ پرۆسەیەکی نەوت لە ناوچە کێشەلەسەرەکان تا ئەو کاتەی چارەنووسی ئەو ناوچانە یەکلایی دەکرێتەوە، پێویستە رەزامەندیی حکومەتی هەرێم و ئاگادارکردنەوەی رەچاوبکرێت لەوانە وەزیری سامانە سرووشتییەکان لە ئەنجامدانی چالاکییەکانی تایبەت بە نەوت لە ناوچەی کێشەلەسەر)، ئەمەش ناوچەی نەوتی کوردنشین دەگرێتەوە کە دەکەوێتە قەزای بەدرە.

کۆمپانیای گازپرۆمی رووسی رێکەوتننامەیەکی لەگەڵ عێراقدا واژۆکردووە لە میانی مۆڵەتەکانیدا لە کێڵگەی (بەدرە)ی شارەدێی زرباتییەی نزیك سنووری عێراق-ئێران، لەئێستاشدا سەرقاڵی دەرهێنانی نزیکەی (٢٣) هەزار بەرمیلە لە رۆژێکدا. عێراق لە ٢ی شوباتی ٢٠١٧ رێکەوتننامەیەکی لێکگەیشتنی لەگەڵ ئێراندا واژۆکرد تایبەت بە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی سەر کێڵگە هاوبەشەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت، هەروەها دیراسەکردنی راکێشانی بۆریی هەناردەکردنی نەوت لە کێڵگەکانی کەرکووکەوە بۆ ئێران.

کۆمپانیا ئێرانییەکان لە شوباتی ٢٠١٧دا دەستیان کرد بە هەڵکۆڵینی بیرەکانی نەوت لە کێڵگەی ئازەر، لە ١٤ی ئاداری ٢٠١٧ بەرهەمهێنان و دەرهێنانی نەوت لە کێڵگەی ئازەر راگەیاندرا کە (١٥) هەزار بەرمیلە لە رۆژێکدا، ئەمەو بەنیازە لە مانگی نیسانی داهاتوودا ئاستی بەرهەم بۆ (٣٠ )هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا و لە کۆتاییساڵیشدا بۆ (٦٥) هەزار بەرمیل بەرزبکاتەوە، چاوەڕوانیش دەکرێت قەبارەی یەدەگ لە ئاییندەدا بگاتە (٤) ملیار بەرمیل. شایانی باسە داهاتی ئێران لە دەرهێنانی نەوت و غاز لە کێڵگە هاوبەشەکان لەگەڵ عێراقدا ساڵانە نزیکەی (١٧) ملیار دۆلارە لە کاتێکدا کە حکومەتی عێراق و وەزارەتی نەوت بێ دەنگە لەهەمبەر ئەو زێدەڕۆییەی کە ئێران دەیکاتە سەر کێڵگە هاوبەشەکان، وێڕای بەهەدەردانی نەوت لە بەهاکەی ساڵانە بە بڕی (٧) ملیار دۆلار، بەهۆی بەکارنەهێنانی ئامێری پێوانی ئەلکترۆنی لە فرۆشتن و بارکردنی نەوت لە بەندەرەکانی عێراق. هەروەها ئێران (١٥) کێڵگەی هاوبەشی نەوت و غازی لەگەڵ دەوڵەتانی کەنداودا هەیە، ئەو کێڵگە هاوبەشانەی کەوتوونەتە حەوزی کەنداو دیارترین هۆکارو ناکۆکییان لێکەوتۆتەوەو تا ئێستا و لە ئاییندەشدا لەنێوان ئێران و دەوڵەتانی کەنداو هەر بەردەوام دەبن.

## ● هۆکارەکانی گرژی و سەقامگیری لە ناوچەکانی کێڵگە نەوتییەکان:

نزیکەی (٦٠٠) حەوزی نەوتی لە جیهاندا هەیە، هەندێکیان لە وشکایی و هەندێکیشیان لە ئاوە هەرێمییەکاندایە، سەدان کێڵگەی نەوت و غازیش لەو حەوزە نەوتییانەدا دۆزراونەتەوە، لەگەڵ پەرەسەندن و زیادبوونی گرنگیی نەوت و غاز وەك سەرچاوەی سەرەکیی وزە بۆ پشتیوانی و پەرەپێدانی ئابووری جیهانی، ئاستی ململانێ و کێبڕکێی نێوان دەوڵەتانی بەکاربەر و بەرهەمهێنەری نەوت و غازیش زیادی کردووە لەسەر سەرچاوە و رێگاکانی گەیاندنی ئەو سەرچاوانە و نرخی نەوت و غاز لە بازاڕەکانی جیهاندا، بەتایبەتیش دوای پەرەسەندنی پیشەسازییەکانی نەوت و ئەو کاردانەوە نەرێنییانەی هاتنەئاراوە تایبەت بە هەڕەشە و پیسبوونی سەرچاوەکانی ژیان، کە خۆی لە ( خاك و ئاوو هەوا )دا دەبینێتەوە، ناوچە دەوڵەمەندەکانی نەوت و غاز بوونەتە ناوچەی گرژی و ململانێیەکان و هەندێ جاریش سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی و ئیقلیمی لەسەر کانەکانی نەوت و غازو کێڵگە هاوبەشەکانی نێوان دەوڵەتان، هەروەها لەسەر رێگاکانی گواستنەوە بۆ بازاڕەکانی جیهان، ئەمەش لەو دەوڵەتانەدا دەبینرێت کە دەکەونە سەر( حەوزی کەنداو، حەوزی دەریای سپی ناوەڕاست، حەوزی دەریای قەزوین) هەر ئەمە بۆتە هۆی روودانی ئەم گرژی و ململانێیانە، سەرئەنجام بۆتە بەڵاو مایەی ناسەقامگیری بۆ گەلانی ئەو دەوڵەتانە، لەبەرامبەر ئەمەدا چەند حەوزو ناوچەی دیکە هەن، وەك حەوزی دەریای باکوور کە بۆتە سەرچاوەی سەقامگیری و بەهێزکردنی هاوکاریی هاوبەش لە نێوان ئەو دەوڵەتانەی کەوتوونەتە سەر حەوزی دەریای باکوور، هاوکات بۆ دابەشکردن و بەڕێوەبردن و وەبەرهێنانی سامانە سروشتییەکان لە نەوت و غاز کە ئەمەش بۆتە مایەی نیعمەت و خۆشی بۆ گەلەکانیان، بۆیە لێرەدا ئاماژە بە دیارترین ئەو هۆکارو فاکتەرانە دەکەین کە بوونەتە هۆی گرژی و شەڕ، هەروەها ئەوانەی بوونەتە مایەی سەقامگیری و پێشکەوتن لە ناوچە نەوتییەکانی جیهان، هاوکات دیاریکردنی پێوانە نێودەوڵەتییەکان لە بەڕێوەبردنی کێڵگە هاوبەشەکانی نەوت و غاز لە نێوان دوو دەوڵەتی دراوسێ لە چوارچێوەی ئەو ناوچانەی کە حەوزەکانی نەوتیان تێدایە لە جیهاندا.

**شارەدێی جەسان و زرباتیە بە ناوچە کوردییەکان (کوردییە فەیلییەکان)ی سەر بە قەزای بەدرەی پارێزگای واسیت دەژمێردرێن، ئەم ناوچە کوردییە دوابەدوای ساڵی ١٩٧٥و لە سەردەمی شەڕی عێراق- ئێراندا رووبەڕووی هەڵمەتی تەعریب و راگواستنی زۆرەملێیی بۆتەوە**

**داهاتی ئێران لە دەرهێنانی نەوت و غاز لە کێڵگە هاوبەشەکان لەگەڵ عێراقدا ساڵانە نزیکەی (١٧) ملیار دۆلارە، لە کاتێکدا کە حکومەتی عێراق و وەزارەتی نەوت بێدەنگە لەهەمبەر ئەو زێدەڕۆییەی کە ئێران دەیکاتە سەر کێڵگە هاوبەشەکان**

**کۆمپانیا ئێرانییەکان لە شوباتی ٢٠١٧دا دەستیان کرد بە هەڵکۆڵینی بیرەکانی نەوت لە کێڵگەی ئازەر، لە ١٤ی ئاداری ٢٠١٧ بەرهەمهێنان و دەرهێنانی نەوت لە کێڵگەی ئازەر راگەیاندرا کە (١٥) هەزار بەرمیلە لە رۆژێکدا، ئەمەو بەنیازە لە مانگی نیسانی داهاتوودا ئاستی بەرهەم بۆ (٣٠) هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا بەرزبکاتەوە**

**لەگەڵ پەرەسەندن و زیادبوونی گرنگیی نەوت و غاز وەک سەرچاوەی سەرەکیی وزە بۆ پشتیوانی و پەرەپێدانی ئابووری جیهانی، ئاستی ململانێ و کێبڕکێی نێوان دەوڵەتانی بەکاربەر و بەرهەمهێنەری نەوت و غازیش زیادی کردووە**

● **هۆکارەکانی گرژی و شەڕوشۆڕ**

١- جۆری رژێمەکانی حوکمڕانی.
٢- پەرگیری.
٣- نەبوونی کەشوهەوای دیموکراسی.
٤- جیاوازیی جۆری حوکمڕانی و رژێمەکان لەنێوان دوو دەوڵەتی هاوبەشی سەر کێڵگەی هاوبەش.
٥- رەوشی ئابووریی نێوان دوو دەوڵەت-داهات.
٦- نەبوونی رۆڵی دامەزراوە دەستووری و زانستییەکانی لەو دوو دەوڵەتەدا.
٧- پەنابردن بۆ زمانی هەڕەشە و هێز لە چارەسەرکردنی کێشەکانی سنوور و کێڵگە هاوبەشەکان.
٨- کێشە هەڵپەسێردراوەکانی وشکایی و دەریایی نێوان سنووری ئەو دەوڵەتە.
٩- کەمیی یان نەبوونی تەکنەلۆژیای گەڕان و کنەو دەرهێنان و هەناردەکردن و پیشەسازیی نەوت.
١٠ کەمیی یان نەبوونی رێکەوتننامەی هاوکاریی هاوبەش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئاوو ژینگەو وزەو لێکۆڵینەوەی هاوبەش.
١١- فرە دیموگرافی و نەتەوەیی و ئایینی و کەلتووری لەو دەوڵەتانەدا، لەسایەی بێبەشکردنی کەمایەتییەکان لە مافە گشتییەکانی هاوولاتیبوون.
١٢- شێوازی کێشەکانی نێوان دەوڵەتە پێشکەوتووەکان و نێوان دەوڵەتە گەشەسەندووەکان لەسایەی سیستەمی جیهانی گلۆبالیزمدا.
١٣- لاوازیی یان تەنانەت نەبوونی رۆڵی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە چارەسەرکردنی کێشە هاوبەشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت.

● **هۆکارەکانی سەقامگیری و پێشکەوتن**

١- دەوڵەتانی خاوەن سیستەمی دەستووری و دیموکراسیی سەردەم.
٢- سەقامگیریی سیاسی و ئەمنی و ئابووری.
٣- پەرەسەندن و فرەیی سەرچاوەکانی داهاتی دەوڵەتانی هاوبەش.
٤- بوونی یاسا و رێکەوتننامەی هاوبەشی نێوان دەوڵەتان، دەربارەی کێشە هاوبەشەکان: ئاو، ژینگە، وزە، بازرگانی و گواستنەوە.
٥- رۆڵی کارای دامەزراوە دەستووری و زانستییەکان لە چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکان.
٦- پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا و تەکنیکی بەڕێوەبردن و وەبەرهێنانی کێڵگە هاوبەشەکان بۆ مەبەستی هاریکاریی هاوبەش لە چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکان.
٧- گرنگیدان بە ژینگە و سەرچاوەکانی ژیان( ئاو و هەواو خاك).
٨- کارایی رۆڵی دامەزراوەو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەموو دامەزراوەکانی حوکمڕانی (یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری).
٩- نەبوونی زمانی هەڕەشەو هێز لە چارەسەرکردنی کێشە هاوبەشەکاندا.
١٠- رۆڵی کوتلەکانی هاوپەیمانیی ئابووری و سیساسی و ئەمنی و زانستی و تەکنەلۆجیا لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا.

**پێوانە نێودەوڵەتییەکان لە بەڕێوەبردن و دابەشکردنی داهاتی کێڵگە هاوبەشەکان**

| زنجیرە | پێوانە |
|---|---|
| ١ | قەبارەو رووبەری کێڵگە |
| ٢ | تایبەتمەندییە جیۆلۆجیی وجیۆمۆرفۆلۆجییەکانی پێکهاتەی کێڵگەی هاوبەش |
| ٣ | تایبەتمەندییەکانی شوێنی بوونی نەوت و غاز لە کێڵگەکەدا |
| ٤ | قەبارەی یەدەگی نەوت و غاز لە کێڵگەکەدا |
| ٥ | تواناو پەرەسەندنی بەرهەمهێنانی نەوت و غاز |
| ٦ | پیشەسازیی نەوت (پالاوتن و پترۆکیمیاویات) |
| ٧ | تەکنەلۆجیای هەڵکۆڵین و دەرهێنان و گواستنەوەو هەناردەکردن |
| ٨ | تێچووی بەرهەمهێنانی بەرمیلێك نەوتی خاو یان م٣ لە غازی سروشتی |
| ٩ | پێویستیی هەردوو دەوڵەت بۆ نەوت و غاز لە کێڵگە هاوبەشەکەدا |
| ١٠ | سوودی ئابووریی کێڵگە هاوبەشەکە |

## ● خێراییبوونی ڕێکەوتننامەکانی نێوان عێراق و ئێران لە بواری نەوت و غازدا

گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییە لە ئەمریکا و سەرهەڵدانی ناکۆکی لەنێوان دەوڵەتانی مەزنی جیهان لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆردا، بەتایبەتی دژی داعش لە جیهاندا بە گشتی و لە عێراق و سووریا بە شێوەیەکی تایبەتی، هاوکات لەگەڵ هاتنەئارای سەرەتاکانی ئەو ئەگەرانەی کە ناوچەکە ڕووبەڕووی گۆڕانکارییەکان دەکەنەوە، ئەمانە دەبنە هۆی گۆڕینی ناسنامەی ڕژێمەکانی ئێستا لە دەوڵەتانی ناوچەکە و ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە نەخشەی ناوچەکەدا، نەوت و غازیش ڕۆڵی گرنگیان دەبێت لە نەخشەکێشانی ئەو گۆڕانکارییە جوگرافییانەی ناوچەکە، هەموو ئەو ئاکارانەی سەرەوە بوونەتە هۆی قووڵکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان ئەو دەوڵەتانەی دەکەونە سەر حەوزی کەنداو لەگەڵ ئێران، ئاستی ناکۆکییەکان لەسەر سنووری ئاوە هەرێمییەکان و لەسەر کێڵگە هاوبەشەکانی نەوت و غازو ڕێگاکانی گواستنەوەی نەوتە لە حەوزی کەنداوەوە لە ڕێی گەرووی هورمزەوە بۆ بازاڕەکانی جیهان دەردەکەوێت، ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەبوو بۆسەر بەرزبوونەوەی ئاستی داهاتەکانی نەوت لە دەوڵەتانی حەوزی کەنداو لە ڕووی کڕینی چەك و بەهێزکردنی پێگەی سەربازیی نێودەوڵەتی لە ناوچەی حەوزی کەنداو.

هاوکات لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە خێرایانە، ڕێکەوتننامەگەلێکی خێرا لەنێوان عێراق و ئێراندا لە بواری نەوت و غازدا هاتەئاراوە، هەروەها لە ناوچە کوردستانییەکان (کێشەلەسەرەکان) بە شێوەیەکی تایبەتی، لەوانەش یاداشتنامەی هەناردەکردنی نەوتی کەرکووك بۆ ئێران، کارکردن لە کێڵگەکانی ئازەرو بەدرە، ئەمانە هاوکات بوون لەگەڵ سەرهەڵدانی گرژی و ناسەقامگیری لە ناوچەی شنگال، هەروەها هەوڵدان بۆ فراوانکردنی چالاکیی حەشدی شەعبی لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، ڕەنگە کێشەی دیکەش سەرهەڵبدات دوای تێکشکاندنی داعش لە موسڵ، ئەمانە هەموویان ئەڵقەی بەیەکەوە گرێدراون لە ئەنجامی نەبوونی گوتاری کوردی سەبارەت بە کێشە گرنگەکان لە هەرێم و عێراق و ناوچەکە هاتنەکایەوە، مەبەستیش لەقکردنی سەقامگیرییە لە هەرێمی کوردستاندا بۆ ئەوەی پاشگەزبێتەوە لە داواکاریی سەرکردایەتی و حکومەت و گەلی کوردستان تایبەت بە مافی چارەی خۆنووسین و سەربەخۆیی هەرێم، بۆیە حکومەتی بەغدا هەرێمی کوردستانی خستە نێو ململانێی کێڵگە هاوبەشەکان، ئەمەش کاریگەریی نەخوازراوی بەدوادێت کە زەحمەتە پێشبینی قەبارەی دەرهاویشتەکانی بکرێت بۆ سەر حکومەت و گەلی کوردستان، بەتایبەتیش لە سایەی بێ دەنگیی و نەبوونی ڕۆڵی حکومەتی هەرێم لەم بوارەدا.

## ● چارەسەرو پێشنیار

**١-** کارکردن بۆ ئەوەی بابەتی وەبەرهێنانی کێڵگە هاوبەشەکانی نێوان عێراق و دەوڵەتانی دراوسێ لەوانەش ئێران بکرێتە سەرچاوەی سەقامگیری و بووژاندنەوەی ئەو ناوچانەی لە نەوتدا هاوبەشن، ئەویش بە کارکردن بەپێی پێوانە نێودەوڵەتییەکان لە وەبەرهێنانی کێڵگە هاوبەشەکانی نێوان دوو دەوڵەت، بۆیە پێویستە دەربارەی ئەو مژارە قسە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ بکرێت.

**٢-** پشتگیریکردن لە بیرۆکەی جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی مادده دەستوورییەکان لە مامەڵەکردن لەگەڵ نەوت و غازدا، لەوانەش جەختکردنەوەی پێویست لە ڕۆڵی پارێزگاکان و هەرێم کە نەوت و غاز بەرهەم دەهێنن، دەربارەی هەناردەکردنی نەوتی کەرکووك بۆ ئێران یان وەبەرهێنان لە کێڵگە هاوبەشەکان و لەنێویاندا کێڵگەی بەدرە لە عێراق و کێڵگەی ئازەر لە ئێران.

**٣-** کارکردنی تەواو بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخ لە هەرێم بەتایبەتی و لە ناوچەکە بە شێوەیەکی گشتی، ئەویش بەوەی کە زمانی دیالۆگ و لێکگەیشتن بکرێتە بناغەی چارەسەرکردنی کێشەکان، تاکو ناوچەکە پەلکێش نەکرێت بۆ بارگرژیی و ناکۆکیی زیاتر کە دواجار کاریگەریی نەرێنی دەبێت بۆ سەر پێشکەوتن و بەدیهێنانی ئامانجە ڕەواکانی گەلەکەمان.

---

*** ڕاوێژکاری وزە لە ئاژانسی پاراستنی کوردستان**

**گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییە لە ئەمریکا و سەرهەڵدانی ناکۆکی لەنێوان دەوڵەتانی مەزنی جیهان لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆردا، بەتایبەتی دژی داعش لە جیهاندا بە گشتی و لە عێراق و سووریا بە شێوەیەکی تایبەتی، ئەمانە دەبنە هۆی گۆڕینی ناسنامەی ڕژێمەکانی ئێستا لە دەوڵەتانی ناوچەکە**

**ڕێکەوتننامەگەلێکی خێرا لەنێوان عێراق و ئێراندا لە بواری نەوت و غازدا واژۆکران، هەروەها لە ناوچە کوردستانییەکان (کێشەلەسەرەکان) بە شێوەیەکی تایبەتی، لەوانەش یاداشتنامەی هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک بۆ ئێران و کارکردن لە کێڵگەکانی ئازەرو بەدرە**